# خوێندنەوەیەک بۆ چاوپێکەوتنەکانی ئەم دواییەی مهاباد قەرەداغی



هەر جارێک کە دەبینم کەسێک داکۆکی لەسەر مافە خوراوەکان دەکات یان ئەو هەلوێستانە وەردەگرێت کە کەسانی دی خۆیان نادەن لەقەرەی،
هەناسەیەکی هێمن هەڵدەمژم و دەڵێم:
دونیا هێشتا دەکرێت جوانتر بکرێت.
کە کەسێکی خامە بەدەست داکۆکی لەسەر مافەکانی ژن دەکات وە قسەکانی دڵی هەزاران ژنی تر دەکات، شاگەشکە دەبم و دەڵێم کەسێک هەیە جوانترو ئازایانەتر و قوڵتر و داڕێژراوتر داخەکانی ئێمەی ژن دەردەبڕێت.

بۆ من هەتا ئێستا گرنگ نەبووە کێ باس لەسەر مافەکانی ژن دەکات، بەڵام هەمیشە لام گرنگە کە چی دەوترێت وە قسەکان تا چ پلەیەک داڕێژراون.

هێزی ڕۆژنامەوانی ڕەخنەگرتن، هێزێکە کە لە وڵاتانی پێشکەوتودا بە قەولی کورد (نێرە پیاو) لێی دەترسێ. هێزێکە وا لە خاوەن دەسەڵات دەکات ئەگەر بچوکترین بەکارهێنانی نابەجێ لە دەسەڵاتەکەیدا بکات، شەوو ڕۆژ بخاتە سەریەک هەتا وەڵامێکی شیاو بۆ پرسیاری ڕۆژنامەوانەکان بدۆزێتەوە. وە لە زۆربەی کاتەکاندا ناچاریش دەبێت واز لە پۆستەکەی بهێنێت. ئەمەش کارێکە کە بێگومان پسپۆری دەوێت کە لە دوای چەند ساڵ خوێندن و ئەزمون دێتە دەست.

لە ئێستای مێدیای کوردیدا، هەموو کەس لە سەر هەموو شتێک دەنوسێت. تەنها لەبەر ئەوەی بنوسێت. مەرجێک هەیە کە دەبێت لە نوسیندا هەبێت. لێرەدا مەبەست لە نوسین ئەوەیە کە دەقێک بێت لە سەر بنەما سەرەکیەکانی نوسین ئەنجام درابێت.
ئەگەر نوسەری ئێستای کورد خۆی ئەو مەرجە لەسەر خۆی دانەنێت، هیچ لایەنێک نیە کە چاودێری ئەو نوسینە زۆر و بۆرە بکات. دەرئەنجامەکەی تەنها ئەوەیە کە خوێنەرێکی زۆر تاقەتی خێندنەوەی ئەو هەمو دەقەیان نیە.
یەکێک لەو بنەمایانە میتود (method)ە. بەردی بناغەکەی داڕشتن (disposition)ە.
کۆڵەکەی ئەم بنەمایە هێڵێکی کۆکەرەوەیە کە هەموو دەقەکە دەبەستێتەوە بەیەکەوە. ئەمانە وا لە دەق دەکات کە جیا بکرێتەوە لە دەقێکی ئاسایی.

ئەم شێرو ڕێویەی کە هێنامەوە لە پێناوی ئەوەدا بوو کەبڵێم ئاواتی من بۆ زۆربەی دەقەکان ئەوەیە کە میتوتدێکی تێدا بەدی بکریت، بەڵام بە تایبەتی کە کەسێک لە سەر مافی ژن دەنوسێت. چونکە ئەم باسە چاوێکی زۆری لە سەرە، لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی پەرت و بڵاوانە بەڕێوە ئەبرێت. خاڵێکی دی گرنگ ئەوەیە کە هەڵەی ژنان خۆمانە ئەویش کە هەتا ئێستا نمونەی بەرزی ژنە نوسەرەکانمان نوسەرە پیاوەکانە. ئەو هەنگاوە نەنراوە بە سەر ئەو بیرکردنەوەیەدا باز هەڵبدریت. هەتا ئێستا ڕۆژنامەوانی بڕێکی زۆری سەر بە پارتە سیاسیەکانە، واتە سەربەخۆ نیە بەو واتایەی کە دەست بکات بە چاوی خاوەن دەسەڵاتدا. چونکە موچەکەی لەوێوە وەردەگرێت کە ئەمە دیدێکی تری ئەم باسەیە کە من لێرەدا نامەوێت لێی قوڵ ببمەوە.
خۆزگەی من ئەوەیە کە بزوتنەوەی مافی ژن بە پلەی یەکەم لەم چاڵە ئاگادار بێت، چونکە بەم ئاگا لێبونە ئەتوانێت گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی بکات لە ئێستادا.

لێرەدا باسەکەم ئەبەستمەوە بە چاوپێکەوتنەکانی ئەم دواییە کە مهاباد خان پێی هەستاوە. لەگەڵ هەردوو بەرێز کاک مەسعود و کاک نێچیرەوان بەرزانی.

دەستخۆشی لە مهاباد خان و هەرکەسێکی دی دەکەم کە خاوەن دەسەڵاتەکانمان بخەنە بەر شاڵاوی پرسیار. بەڵام چونە بەردەم خاوەن دەسەڵات خۆ ئامادە کردنێکی قوڵی دەوێت. بە تایبەتی کاتێک کەسێک کە بە ناوی مافی ژنەوە دەچێت پرسیار دەکات وە ئەم دارشتن و قوڵیە بەدی نەکرێت لە پرسیارەکاندا ئەوا بەلای منەوە جێگای پرسیارو لێکۆڵۆڵینەوەیە.
ئەگەر سەردانەکانی مهاباد خان میتودێک و دارشتنێکی قوڵی تێدابوایە ئەوا دڵنیام کە مهاباد خان وەڵامێکی دیکەی کاک مەسعودی دەدایەوە کاتێک بەرێزی دەڵێت ئافرەت پیرۆزە. مەگەر شتێکی تازەبو بۆ مهاباد خان کە وایە؟ ئایا ئەم بۆچونە هەمان بۆچوون نیە کە ژنی هێند پیرۆزکردوە کە لە کونجی ماڵەوەدا زیندانی کردوە؟ هەر هەمان بۆچون نیە کە وای لە مێشکی تەنانەت ژن خۆشی کردوە و ئەو قورەی بۆ گرتوتەوە کە ئێستا هێند زەهمەت بوە بە پلەی یەکەم ژن خۆی بهێنرێتە دەرەوە لەو گێژاوە و هاوکات هەوڵیش بدرێت کە پیاو ئاگادار بکرێتەوە کە ئەمە مافێکی رەوای خوراوی ژن خۆیەتی.
هەر ئەم پیرۆزبونەیە کە ژنی بە بێ مێشک و زەعیفە داناوە.مەگەر هەر ئەم پیرۆزبوونە نیە کە فێمینیستی (هەمان رێرەو کە مهاباد خان بروای پێیەتی) رەتی دەکاتەوە؟
لە رۆژنامەی(ئەمرۆ)دا ژمارە 55 ی 4ی بەفرانباری 2005 دا، مهاباد خان بە دورودرێژی باس لە فێمینیستی دەکات. کێ فێمێنیستە و کێ نیە. وە چۆن دەبیت کەسێک کە بروای بەو بیرە هەیە، نەک تەنها بە وشە بەڵکو بە کرداریش بیسەلمێنێت.
ئەمەیە کە نوسەری کورد خۆی لێ گێل دەکات وە پێی وایە کە خوێنەری کوردیش گێلە و هەست بە شتەکان ناکات. ئایا مهاباد خان خۆی سەلماندویەتی هەتا رێنمایی کەسانی دی بکات؟؟

یان کاتێک کاک مەسعود دەڵێت با ژنان بە دەیان هەزار بەیانی بڕژێنە شەقامەکان و خۆ پیشاندان بکەن. مەگەر بەرێز کاک مەسعود یەکەم جارو مهاباد خان دوهەم جار، ئاگایان لە وە نیە کە کەسایەتی کورد وەکو نەتەوە شکێنراوە. ئەگەر مهاباد خان پرسیارەکانی دارێژراوبونایە ئەوا کەمێک لەسەر ئەوە دەدوا کە مرۆڤێک کەسایەتیەکی شکێنراوی هەبێت، ناتوانێت تەنانەت کە قسە دەکات سەیری چاوی بەرامبەرەکەی خۆی بکات، نەک بتوانیت خۆپیشاندان بکات. یان بۆ ژن لە هەولێر بوون بە ژنی ئەوروپی هەتا بڕژێنە سەرشەقامەکان؟ چۆن لەو کاتەدا مهاباد خان ئەو جوابەی پێ نەبوو کە ئەوە تەنانەت لەم کۆمەڵگا پێشکەوتوانەشدا کارێکی ئێجگار سەختە، وە ژنی کورد ئەم ئاستەبەرزە لە کەسایەتی لە کوێوە بهێنێت؟؟؟ خۆ زەمانی ئەوەش نەماوە کە وەکو جاران مرۆڤێکی ئاسایی وەحی بۆ بێتە خوارەوە.

ئەگەر چاوپێکەوتنەکانی مهاباد خان میتودێکی زانستیانەی لە پشتەوە بوایە ئەوا دڵنیام ئەم پرسیارانەی خوارەوەی تێدا دەبوو:

یەکەم: ئایا کاک مەسعود لە ناو هەموو خێڵی بەرزانی نەمردا، ژنێکی کارامەو زیرەکی تێدا نەبوو کە پۆستێک لەو دەسەڵاتەدا وەربگرێت؟

دوهەم: ئایا چ ئەقڵیەتیک لە پشی ئە وەوە هەیە کە کوری کاک مەسعود بۆ خویندنی باڵا دەچێتە هەندەران وە پۆستێکی چەوری دەدرێتێ، بۆ کچێکی ئەو بنەماڵەیە ناچێت؟

سێهەم: ئایا باوکی پێلا بۆچی بە سمێڵی فشەوە دەسوڕێتەوە لە کوردستان، کە لە ناو خاکی کوردوستاندا کچەکەی خۆی کوشت لەسەر شەرەف؟ مەگەر پیاو لای ئێمە خوایەو بۆی هەیە ژیانی کەسێک بەرێتەوە؟

**چوارەم: ئایا بۆ ژنە شەهیدێک ئەبێت بوێرێت بچێتە لای مەسئولێک داوای موچە یان پارچە زەویەک بکات کە لە زۆربەی کاتدا چەند منداڵێکی بە سەردا کەوتوە؟**

**پێنجەم: ئایا دایکی شەهیدەکان بۆ لەو هەموو زەویەی کە وەکو شەوچەرە بەش دەکرێن بەسەر پیاوانی دەسەڵاتداردا، بۆ بەر ئەوان ناکەوێت؟**

**شەشەم: ئایا تا ئێستا چ بەرنامەیەک هەیە بۆ ژنانی ئەنفال؟**

**حەوتەم: ئایا هەتا ئێستا هیچ پیاوێک ئەتک کراوە لەسەر ئەوەی کە لە ناو بازاڕدا دەستی بۆ ژنێک یان کچێک بردوە؟ با تەنها یەکێک لەو پیاوانە بهێننە سەر تەلەفیزیۆن بزانم ئەو دیاردەیە بنەبڕ نابێت؟**

**ئەگەرچی جێگای داخەکە ئەم پرسارانەو چەندەها پرسیاری دی لە لایەن کەسێکی وەک مهاباد خانەوە نەکراوە بەڵام جێگای سەرسووڕمان نیە چونکە وەکو پێشتر ئاماژەم پێدا کە نووسەرە ژنەکانمان نمونەی بەرزیان نووسەرە پیاوەکانە و ناوێرن هەنگاوێک هەڵبێنن کە هێشتا پیاو نەینابێت. لە مەش ترسناکتر ئەوەیە کە ژنانی ئێمە خاوەن لێکدانەوەی خۆیان نین.**
**بۆ پشت گیری کردن لەم بۆچونەی سەرەوەم ئاماژە بە توێژینەوەیەکی سادە دەکەم بەڵام لە هەمان کاتدا بیرێکی ترسناکی لەپشتەوەیە....**

**کارێکی زانستی دەخرێتە بەردەم دوو کۆمەڵ ژن، داوا دەکرێت لێیان کە پلەی باشی ئەو کارە بخەملێنن. هەمان تێکست دەخرێتە بەردەم هەردوو کۆمەڵە ژنەکە، تەنها جیاوازی ئەوە دەبێت کەکۆمەڵی یەکەم کە تێکستەکە وەردەگرن ناوی خاوەن دەق پیاوی لێ دەنووسرێت وە هی دووهەم ناوی خاوەن دەق ناوی ژنی لێ دەنووسرێت.**
**لە ئەنجامی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت کە ژنانی کۆمەڵی یەکەم، پلەیەکی ئێجگار بەرز دەدەن و ژنانی کۆمەڵی دووهەمیش پلەیەکی نزم. دەرئەنجامی ئەم کارە دەری دەخات کە لەلایەن بیرکردنەوەکانمانەوە دەبرێین بە ڕێوە.**
**لێرەدا مەبەست لە(cognition[1])ە. دەرئەنجامەکە ئەوە دەگەیێنێت کە ژن لەلایەن خودی ژن خۆیەوە دەچەوسێنرێتەوە. تەنانەت لەم وڵاتە پێشکەوتوانەشدا پیاو چی دی بەم چەوساندنەوانە هەڵناستێت بەڵکو ژن خۆی ئەم کارە دەکات.**

**ئەگەر بڕیاربێت داوای مافی ژن بکرێت ئەوا مەرجە کە بەرنامەیەکی یەکگرتوو هەبێت بە پلانێکەوە کە بە شێوەیەکی زانستیانەو بە ئەگاوە میتودی تێدا بەکار هاتبێت وە دارێژراو بێت.**
**هەتا کە خرایە بەردەم خاوەن دەسەڵاتێک شەوی لێ بکات بە ڕۆژ و پیاوەتیەکەی لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵتەکێنێ. ئەگەر ئەمە نەبێت ئەوا خودی ڕوبەڕوبونەوەکان ئاستێکی سادە وەردەگرن و بۆ کەسانێکی زۆریش هەیە کە بپرسن......بۆ؟؟؟؟**

**بە ڕاستی ئەوەی ئێجگار نیگەرانی کردم کە گوایە ئەم پرسیارانە کۆی ئیشکردنی چەند ڕێکخراو و چەندەها ژنە. وە مهاباد خان پێی هەستاوە. مهاباد خان خاوەنی 23 کتێبە کە زۆربەیان لەسەر ژن و بۆ ژن نوسراون. ئەمە جێگای داخە کە سەرەڕای ئەو هەمو کتێبانەو ئەو خزمەتانەی کە مهاباد خان ئاماژەیان پێ دەکات، لەبەردەم کاک مەسعوددا بێ دەنگ ماوەتەوە!**

---

[1] Cognition
بیرو زانیاری ژیانە، ئەو شێوەیەیە لە ڕەوشت و بەرپەرچدانەوە، بە ئەگا یان نائەگا کە پێکهاتوە لە تێگەشتن، ئەزمون، یادگاری، بیرکردنەوە و فێربوون.

ئەگەر بە ڕاستی وایە؟ کە ئەم پرسیارانە کۆی ئیشی هەمو ژنانی ئازادی خوازە ئەوا ئەبێت هەتا زوە ئاڵای وەرگرتنی مافی ژن دابنێین، چۆنکە ئەو هەموو ژنە کە خەبات بۆ مافی ژن دەکەن کەسێکی تێدا نیە کە پرسیارگەلێک دروست بکات کە بونی پیاوی خاوەن دەسەڵات هەڵتەکێنێت. ئەگەر نا ئەوە دیسان مهاباد خان شتێکی دی کردوە کە ڕەفتاری پیاوانەمان بیر دەخاتەوە. ئەویش: ئەو پیاوانەی ئێستا خاوەن دەسەڵاتن لە کوردوستان ڕایەکی گشتی هەڵی نەبژاردون!
بەهەمان شێوە مهاباد خان بووە بە پێشەوای ژنان بێ ئەوەی لە ژنان بپرسرێت کە کێیان دەوێت وەکو پێشەوا؟؟؟؟
ئەگەر پێشەوای ژن لەبەردەم یەکێک لەهەرە خاوەن دەسەڵاتەکانی کوردوستان وەکو زەعیفە ڕەفتاری لەگەڵ بکرێت و بێ دەنگ بێت. ئیتر ژنی کورد چاوەڕێی ئەم کارە لە چ کەسێکی کە بکات؟؟؟

لەبەر ئەوە هەتا ئەو کاتەی کە ئەو کەسانەمان تێدا هەڵئەکەوێت، هەق وایە کە بزوتنەوەی خەباتی ژن زیاتر هەوڵ بدات کە لە شێوازی ئەو بیرکردنەوە کۆنە، تۆز لەسەر نیشتوە بە جوانی و بە قوڵی تێبگات، چونکە گوناهە لەوە زیاتر بەناوی مافی ژنەوە کاری سادەو بێ سود بکریت. وەکو سەرەتا باسم کرد لە لای من گرنگ نیە کێ دەیکات، بەڵام زۆر گرنگە چی دەکرێت.

وە هیوادارم کە ئەم نوسینە وەکو هێرش وەرنەگیرێت، بەڵکو وەکو خواستێک بۆ داهاتوی بزوتنەوەی خەباتی ژن. چونکە ئەگەر لە ئێستادا شتێکی بچوک بەڵام بنەڕەتی بکرێت سەد قاتی شتە بە ناو زلەکان سودبەخشترە. وە پێم چاکە کە بزوتنەوەی خەباتی ژن هەمان بیرکردنەوەی لە پشتەوە بێت کە لە پشت ئەم دێرەدا هەیە:

لای هەڵۆی بەرزە فڕ، چۆن بژی شەرتە نەک چەندە بژی.

**8.2.2005**

**Frishta Kewe**
**Lund University**
**Department of Psychology**

**frishta-kewe@hotmail.com**